# "ئەمریکا لە دووڕیاندا" یان پیاوێک لە دووڕیاندا؟

بەختیار کەریم
ئۆکسفۆرد/بریتانیا



بابەت: ڕانانی کتێب
ناوی کتێب: After the Neocons America at the Crossroads
ناوی نووسەر: فرانسیس فوکویاما
چاپی: London: Profile Books Ltd 2006

<u>پێشەکیی</u>

سەربازەکان لە عێراق دەگەڕینەوە و خۆپیشاندان دەکەن، ئەکادەمیستەکان ڕەشنالّی جەنگی عێراق دەخەنە ژێر پرسیارەوە، زۆرینەی ئەمریکا ئەمڕۆ گومانی هەیە لە دروستی بڕیاری جۆرج بۆش بۆ داگیرکردنی عێراق. (بۆ) گەورەترین پرسیارە کە ئەمڕۆ ختوکەی ڕۆحی ئەمریکیەکان دەدات و کۆی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەژێر پرسیاردایە. ئەو پیاوەی بەردەوام پێش ڕووداوەکان دەکەوێت، ڕەوا یان ناڕەوا، بەر لە کۆتاییەکان بانگەشەی کۆتاییەکان دەکات، ئەو پیاوە، فوکویاما، کتێبێکی نوێ دەنووسێت. لەم کتێبەدا فوکویاما پێمان دەڵێت ئەمریکا لە دووڕیاندایە و پێویستی بە بەخۆداچوونەوەیەکی بنەڕەتی هەیە.

"پاش نیۆکۆنەکان ئەمریکا لە دووڕیاندا" ناونیشانی دوا کتێبی "فرانسیس فوکویاما"یە لە بەرگی ڕەق و بەقەبارەی 226 لاپەڕە لە کۆتایی مانگی سێدا کەوتە بازاڕەوە. دیارە مەبەست لە نیۆکۆنەکان نیۆکۆسێرڤەتیڤەکانە کە زۆر کەس لەو بڕوایەدان هێزی فەلسەفی پشت بەڕێوەبەرێتی بۆشە، لێرەبەدواوە نیۆکۆنەکان وەک کورتکراوە لەجیاتی نیۆکۆنسێرڤەتیڤەکان بەکاردێت. لەم نووسینەدا دەخوازین سەرنجێک لە تێزی سەرەکیی ئەو کتێبەی فۆکویاما بدەین، پاشان بە بەراورد لەگەڵ کتێبە بەناوبانگەکەیدا "کۆتایی مێژوو و دوا مرۆڤ"، پرسیار لەو تەنگژە هزریە بکەین کە فوکویامای لە دوڕیانی مێژوو/ئایدۆلۆجیادا تووشی دۆشدامان کردوە. بەدەربڕینێکی دیکە ئەم دوڕیانەی مێژوو و ئایدۆلۆجیا کە فوکویاما تێیدا گیریخواردوە ڕێگرە لەوەی کە ئەم نووسەرە، لەلایەک لە تێزە بنەڕەتیەکەی پەشیمان بێتەوە، لەلایەکی ترەوە تێزێکی نوێ و دروست دابڕێژێت. بەڵام بۆ تێگەیشتن لە پێشینەی ئەم کتێبە پێویستە سەرەتا سەرنجێک لە مێژوو و هزری نیۆکۆنسێرڤەتیزم بدەین لە ئەمریکا، پاشان لە پەیوەندی فوکویاما بەم گروپەوە دەڕوانین.

سەرەتا پێویستە هەڵەیەکی باو ڕاستبکەینەوە کە لەزۆربەی ئەو نووسینە کوردیانەدا بەدیدەکرێت کە بەکارهێنانی چەمی "نیۆکۆنسێرڤەتف" یان هەر چەمکێکی دیکەی لەوجۆرەی تیا

بەکاردێت. لکاندنی پێشگری "نیۆ Neo" وەک لە "نیۆڕیالیزم، نیۆلیبرالیزم و چەندینی دیکەدا" جیاوازە لە لکاندنی پێشگری "نیو New" وەک لە "نیو-لیبرالیزم، نیو-ڕیالیزم"، بەڵام ئەو نووسینانەی تا ئێستا ئێمە خوێندومانەتەوە ئەوە پیشان دەدەن کە بەردەوام "نیو" بەهەڵە لە جیاتی "نیۆ" بەکاردێت. پێشگری "نیۆ" ئاماژەیە بۆ هزرێک، دۆکترینێک یان ئایدۆلۆجیایەک کە لە تەوژمێکی هاوناوی خۆی جیادەبێتەوە یان هەوڵ دەدات خۆی جیابکاتەوە. واتا تەوژمی دووەم هەوڵی دابڕانێکی بنەڕەتی دەدات لە تەوژمی یەکەم، بگرە لەوانەیە هیچ پەیوەندییەکیان نەبێت جگە لە هاوشێوەیی ناوەکانیان. بۆ نمونە کۆنسێرڤەتیزم و نیۆکۆنسێرڤەتیزم ئەگەرچی چەند هاوشێوەییەکیان هەیە بەڵام جیاوازییەکانیان ئێجگار زیاترن. بەڵام کاتێک ئایدۆلۆجیایەک یان قوتابخانەیەکی هزریی هەوڵی تازەکردنەوە و گونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بەخۆیەوە دەبینێت ئەوکاتە پێشگری "نیو"ی (بەواتای تازە یان نوێ) دەخرێتە پێش. واتا ئەم تەوژمە نوێیە بنەما فەلسەفیەکانی ئەو هزرەی قبوڵە، بەڵام جۆرێک لە گۆڕان و نوێکردنەوە بەڕەوا دەزانێت. دەشێت ئەم هەڵەیە زادەی دووبارەکردنەوەی هەمان هەڵەی نووسەرە عەرەبەکان بێت کە نیۆکۆنسێرڤەبیزم بۆ (محافظین الجدد) وەردەگێڕن بەڵام لەڕاستیدا ئەمە هەڵەیەکی زەقە و سەیرە تا ئەم ساتەوەختە هەوڵی ڕاستکردنەوەی نەدراوە.

## فوکویاما پیاوی کۆتاییەکان

فوکویاما لەپاش نووسینی کتێبە بەناوبانگەکەی "کۆتایی مێژوو و دوا مرۆڤ" بۆ ماوەیەکی درێژ بووە جێگەی تێرامان و لێکۆڵینەوە لە نێوەندەکانی بیرکردنەوەدا لە ئەمریکا و لە کۆی جیهان. لەو کتێبەدا فوکویاما سەرەتا ئەو گومانانە ڕەتدەکاتەوە کە واتادارییی مێژوو دەخەنە ژێر پرسیارەوە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە مێژوو واتای هەیە، بگرە واتایەکی پۆزەتیڤی هەیە بۆ مرۆڤایەتی. بەڵام تائێرە فوکویاما هیچی نەگووتوە کە نەبیسترابێت بەڵکو بەر لەو دەیان بیریار جەختیان لە واتای مێژوو کردۆتەوە. ترادیسیۆنی داکۆکیی لە مێژوو بەشێوەیەکی سەرەکی قەرزاری "هێگڵ"ە. هێگڵ بەتووندی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە مێژوو واتایەکی ناوەکیی هەیە، واتایەک کە هزری مۆدرێن توانای هەیە تێیبگات. بۆ هێگڵ گرنگترین هێزی مێژوو هێزی ئایدیایە. بەڵام فوکویاما هەر بەوەوە نەوەستا کە داکۆکی لە واتادارییی مێژوو بکات، بەڵکو بانگەشەی کۆتایی مێژووی کرد، بەبۆچوونی هەندێک لە ناوەختدا. زۆرن ئەوانەی ڕەخنە لە ڕاڤەکردنی فوکویاما دەگرن بۆ فەلسەفەی مێژووی هێگڵی، بابەتێک کە جێگەی بایەخی ئێمە نییە. بەڵام ئەم رەخنانە ئاراستەی فوکویاما کران/دەکرێن چونکە بانگەشەی کۆتایی مێژوو فوکویاما دەکاتە پیاوێکی هێگڵیی، ڕاستییەک کە دەربازبوون لێی زۆر بەگران لەسەر فوکویاما ڕادەوەستێت، هەروەک لە کتێبە نوێیەکەیدا دیارە و پاشان دەگەڕێینەوە سەری. لای هێگڵ کۆتایی مێژوو کاتێکە هزری ڕەشنال سەردەکەوێت، یان بە چەمکە هێگڵییەکە، کۆمەڵگاکانی کۆتایی مێژوو ئەوانەن کە تیایاندا ئیرادەی هزری ڕەشنال بەتەواویی و لە کۆی جیهاندا بەرجەستە دەبێت، بەتایبەتی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسەتدا.

فوکویاما وەک شوێن پێ هەڵگرێکی ڕاستەقینەی هێگڵ بانگەشەی کۆتایی مێژوو دەکات لە جیهانێکدا، کە بە گووتەی فوکویاما، سەرکەوتنی حاشاهەڵنەگر و باڵادەستیی ڕەتنەکراوەی کۆمەڵێک ئایدیا کە ناکرێت چیتر برەویان پێبدرێت بەخۆیە دەبینێت. لەو ئایدیایانە فوکویاما مەبەستی لیبراڵ-دیمۆکراسیە، کە لێرەدا فوکویاما قەرزاری تیۆری لیبراڵیزمی "کانت"ە، بەڵام بە جەختکردنەوەی لە باڵادەستی ئایدیا، وەک هێزی بزوێنەری مێژوو، فوکویاما بەواتای وشە هێگڵییە. لێرەدا پێویستە ئاماژەیەکی خێرا بە فەیلەسوفێکی گرنگی دیکە بدەین، کە ئەگەرچی فوکویاما لەگەڵیدا هیچ

هاوشێوەیەییەکی هزرییان نییە، بەڵام بەشێوەیەک کاریگەری لەسەر فوکویاما هەبووە یان فوکویاما ڕەخنەی ئاراستەدەکات. لەو فەیلەسوفە مەبەستمان "کارڵ مارکس"ە کە هاوشێوەی هێگڵ بڕاوی بە کۆتایی مێژوو هەبوو، بەڵام بە گووتەی فوکویاما لە جیاتی ئایدیا بۆ مارکس فاکتەرە سۆسیۆ-ئابوریەکان هێزی باڵادەست و بزوێنەری سەرەکیی مێژوون، بەدەربڕینێکی دیکە مارکس، بەپێچەوانەی هێگڵەوە، لە گۆشەنیگایەکی ماتیریاڵیستیەوە لە مێژووی دەڕوانی.

با پرسین لە پیاوی کۆتاییەکان مەبەستمان چییە؟ وەک لەسەرەوە بینیمان فوکویاما بانگەشەی کۆتایی مێژووی کرد، بابەتێک کە ئێمە هەوڵی ناساندنیماندا نەک شرۆڤەکردن، ئێستاش لە کتێبە نوێیەکەیدا هەمان ئەم پیاوە سەرقاڵی بانگەشەی ناڕاستەوخۆی کۆتایی نیۆکۆنسێرڤەتیزمە، کۆتایی بەواتای بێکەڵکی ئەم قوتابخانە هزرییە، کە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا باڵادەستە، بۆ ڕاڤەکردن و تێگەشتن لە جیهانی دەرەوەی ئەمریکا و ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە. فوکویاما لەم کتێبەدا بەرلەهەر شتێک هەوڵ دەدات جیابوونەوەی خۆی لە بیریارانی دیکەی نیۆکۆن ڕابگەیەنێت چونکە وەک خۆی دەڵێت "نیۆکۆن گۆڕا بۆ شتێک کە چیتر من ناتوانم پشتگریی بکەم". دەکرێت بڵێین فوکویاما تەڵاقی خۆی لەو گروپە وەردەگرێت کە بەنیۆکۆن ناسراون یان تەڵاقیان دەدات، با خوێنەری خۆشەویست سەرپشک بێت لە هەڵبژاردنی هەرکام لەم دوو دەستەواژەیە کە بە دروستی دەزانێت. پاشان فوکویاما پێشنیاری ڕێچکەیەکی تازە دەکات بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکی کە لە خوارەوە سەرنجی لێدەدەین. بەڵام بەرلەوە بۆ تێگەیشتن لەو پەیوەندییە ستراتیژییەی فوکویاما و نیۆکۆنەکان، سەرنجێکی خێرا لە پێشینەی ئەو هزرە و هاوسەرێتیی فوکویاما لەگەڵیاندا کۆمەکی زۆرمان دەکات.

## <u>مانگی هەنگوینیی نیۆکۆنەکان</u>

نیۆکۆنەکان ئەگەرچی مێژوویەکی تائەندازەیەک درێژییان هەیە بەڵام بۆ جاری دووەم لەگەڵ هاتنە سەر حوکمی "بۆشی دووەم"دا مانگی هەنگوینیی خۆیان دەژین. بەهەموو پێوانەیەک مانگێکی هەنگوینیی ڕاستەقینە و ئێجگار درێژخایەن. مەبەست لە مانگی هەنگوینیی یەکەم سەردەمی فەرمانڕەوایی "ڕۆناڵد ڕێگان"ە. لە کتێبەکەیدا فوکویاما ئەو مێژووەمان بەکورتی بۆ دەگێڕێتەوە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم قوتابخانە هزرییەوە تا گەیشتنیان بە نێوەندەکانی بڕیار. گرنگە کاریگەریی ڕاستەوخۆی نیۆکۆن لە بەڕێوەبەرێتی بۆش لە کاریگەرێتییەکەی لە بەڕێوەبەرێتی ڕێگان جیابکەینەوە. لە بەڕێوەبەرێتی ڕێگاندا نیۆکۆنەکان بەتەنها نەبوون لەو کاریگەرییە، یان باشترە بڵێین بەتەنها نەیاندەتوانی کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر ڕێگان و بەڕێوەبەرێتیەکەی دابنێنن. لێرەوە جیاکردنەوەی نیۆکۆنەکان لەو سەردەمەدا لە کۆی ترادیسیۆنی کۆنسێرڤەتیزم و ناشیونالیزمی ئەمریکی کارێکی ئاسان نییە. لە خوارەوە سەرنج لە بنەڕەتە مێژووییەکەی ئەم دۆکترینە و بنەما هزرییەکانی دەدەین پاشان بۆمان دەردەکەوێت کە نیۆکۆنسێرڤەتیڤی ئەمڕۆ جگە لەوەی لە ڕووی تیۆرییەوە تووندوتۆڵترە، کاریگەرییەکانی بەئەندازەیەک زیادیکردوە کە وەک یەکێک لە قوتابخانە هزرییەکانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان ئاماژەی بۆ دەکرێت، ڕاستییەک کە تا ئەم ساتەوەختە ئەکادەمیستانی ئەورووپی ئامادەنین قبووڵی بکەن.

نیۆکۆن یەکێکە لە چوار ترادیسیۆنی باڵادەست لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا. هاوشان لەگەڵ نیۆکۆنسێرڤەتیزم، ریالیستەکان لە دەقە کیسنجەرییەکەیدا گرنگی بە هێز دەدەن بەڵام کاروباری ناوخۆی دەوڵەتانی دیکە و دۆخی مافی مرۆڤ بەگرنگ نازانن، لیبراڵیستە نێودەوڵەتییەکان ( liberal

internationalist) دەخوازن سیاسەتی هێز (power politics) تێبپەڕێنن و جیهانێک بنیاتبنێن کە یاسا و دامەزراوە پێشڕەویی دەوڵەتان دەکات، هەروەها ترادیسیۆنی ناشیونالیزمی ئەمریکی کە هەندێک جار بە ترادیسیۆنی 'جاکسۆنیان' (Jacksonian) ناودەبرێت، بڕوایوایە بۆ پاراستنی ئەمریکا و خۆشبەختی هاوڵاتیەکانی کەنارگیریی و پەراوێزیی باشترین جۆری سیاسەتی دەرەوەیە بۆ ئەمریکا.

ترادیسیۆنی نیۆکونسیرڤەتیزم ئاڵۆز و بەربڵاوە، لێرەدا تەنها هەوڵ دەدەین بەکورتی بە خوێنەری بناسێنین. سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەم قوتابخانەیە دەگەڕیتەوە بۆ ساڵانی بەرلە جەنگی دووەمی جیهانیی و ساڵانی جەنگیش ساڵانی گەشەکردن و ڕەگداوتانیەتی. فوکویاما دەڵێت: "لەپاش جەنگی دوومی جیهانییەوە تا ساڵانی کۆتایی جەنگی سارد لەڕیگای چوار سیمای دیارەوە ئەم قوتابخانەیە دەناسرێتەوە". ئەو سیمایانە بریتین لە: یەکەم نیگەرانی دەربارەی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ، یان سیاسەتی ناوخۆی دەوڵەتان. دووەم بڕوای ئەوەی کە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەتوانێت هێزی خۆی بۆ مەبەستی مۆراڵی بەکاربهێنێت. سێیەم ڕەشبینی دەربارەی توانا و کارایی یاسا و دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ چارەسەری کێشە ئاڵۆزەکان. چوارەم ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی بەرفراوان هەندێک جار بە دەرئەنجامی چاوەڕواننەکراو کۆتایی دێت و ئەنجام ناپێکێت.

سەرەتا ئەم هزرە لەلایەن کۆمەڵێک خوێندکاری جولەکەوە لە "سیتی کۆیلج" لە "نیو یۆرک" لە ساڵانی کۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکاندا برەوی پێدرا. ئەو ڕاستییەی کە زۆربەی ئەوانەی نیۆکۆسێرڤەتیزمیان داهێنا جولەکە بوون، هەندێکی والێکردوە بڵێن نیۆکۆنسێرڤەتیزم کەرەستەیەکە بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانی جولەکە، دەکرێت بڵێین لێرەدا جۆرێک لە ئەنتی-سێمەتیزم لە کاردایە. ئەم گروپە چەپرەوەی "سیتی کۆلیج" کە زۆربەیان ترۆتسکیست بوون دواتر وەک چەپی ئەنتی-کۆمەنیست، یان وردتر چەپی ئەنتی-ستالینیست، ناسران، بەڵام لەگەڵ هەڵایسانی جەنگی دووەمی جیهانیدا هەر یەکە و بەشێوەیەک سەفەری بەرەو ڕاستڕەوی کرد. لیرەدا ڕیزکردنی دیارترین ناوەکانی ئەم گروپە و چالاکیەکانیان بە پێویست نازانین، بەڵکو سەرنجێک لە کاریگەرییان دەدەین لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، کە تەنها لە ساڵانی جەنگی ساردا دەستپێکرد.

فوکویاما دەڵێت چونکە بنەڕەتی ئەم بزوتنەوەیە لە چەپەوە سەرچاوەی گرتوە، لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا بەریەککەوتنیان لەگەڵ "ڕیالیزمی کیسنجەر" لە سیاسەتی دەرەوەدا شتێکی سەرسوڕهێنەر و چاوەڕواننەکراو نەبوو. ڕیالیزم لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا جەخت لە کۆششی نەپساوەی دەوڵەتان دەکات بۆ هێز و دەسەڵات، بەدەر لەوەی چ جۆرە ڕژێمێک لەو دەوڵەتانەدا فەرمانڕەوایە. بەڵام نیۆکۆنەکان جەختیان لە گرنگی ڕژێم و کاردانەوەی لەسەر سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە دەکردەوە، لێرەدا کاریگەری "لیۆ ستراوس" بەسەر نیۆکۆنەکانەوە شتێکی حاشاهەڵنەگرە، ئەگەرچی ستراوس هیچی لەسەر سیاسەتی دەرەوە نەگووتوە. ئایدیای ڕژێم و گرنگیەکەی بۆ ژیانی سیاسی لای ستراوس لە ڕاڤەکردنەکانیدا بۆ پلاتۆ و ئەرەستۆ دەبینرێت. بەبڕوای ستراوس، تێگەیشتنی پلاتۆ و ئەرەستۆ بۆ ڕژێم وەک دامەزراوەی سیاسیی فەرمیی کە لەگەڵ ڕەفتارە نافەرمیەکانی جڤاتدا یەک لەسەر ئەویدی کاریگەریی دادەنێت، لێرەوە ستراوس ڕژێم دەخاتە نێوەندی ژیانی سیاسییەوە. ئەگەرچی ستراوس باس لە سیاسەت لە چوارچیوەی کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا دەکات، نیۆکۆنەکان ئایدیای ڕژێمی ستراوسی بۆ ڕاڤەکردنی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەکاردەهێنن. گرنگی ڕژێم لای نیۆکۆنەکان لە سیاسەتی دەرەوەدا زۆر ئاشکرا دیارە باشترین بەڵگەش هەوڵە سەرکەوتوەکانیانە بۆ پشتگیریی کردنی بۆش بۆ گۆڕینی ڕژێم لە عێراق. بە دەربڕینێکی دیکە

نیۆکۆنەکان هاوڕان لەگەڵ "لیبراڵ نێودەڵەتیەکاندا" کە ئەوانیش لە ژێر کاریگەی ترادیسۆنی "وێڵسۆن" دان کە دیمۆکراتیزەکردن بە گرنگ دەزانن، بەڵام ئەوەی نیۆکۆنەکان لەوان جیادەکاتەوە بڕوایانە بە گۆڕینی ڕژێم وەک پێشمەرجێک بۆ دیمۆکراتیزەکردن، نەک دێمۆکراتیزەکردن لەڕێگای یاسا و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانەوە کە لیبراڵ نێودەوڵەتیەکان براوایان پێیەتی، نێۆکۆنەکان ئەم یاسا و دامەزراوانە بە گرنگ نازانن. دەکرێت دۆژمنایەتی سەرسەختی بەڕیوەبەرێتی بۆش لەگەڵ دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا باشترین نمونە بێت بۆ پشتڕاستکردنی ئەم بۆچوونە.

هەر لە ساڵانی جەنگی سارد و لە سەردەمی بەڕیوەبەرێتی "ڕۆناڵد ڕێگان"دا نیۆکۆنەکان بۆ یەکەم جار بەئاشکرا بەشداریی کردنیان لە پرۆسەی بڕیاردا ئەزمونکرد. فوکویاما بڕوای وایە کە ڕێگان، جیاواز لە بۆش، بە شێوەک لە شێوەکان ڕۆشنبیر (intellectual) بوو، ئەمەش ڕاستەوخۆ ڕێگان دەکاتە نیۆکۆنسێرڤەتیڤ. چونکە فوکویاما پێیوایە نیۆکۆنسێرڤەتیزم هەر لەسەرەتاوە بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی بووە کە سەرقاڵی ڕاڤەکردن، گفتوگۆ، تێرامان و هتد.. بوون. بەڵام ناکرێت هەست بە زیادەڕۆیی فوکویاما نەکەین لە پێناسەکەیدا بۆ نیۆکۆنسێرڤەتیزم، چونکە بەدەر لەوەی تا چەند ئەم بزوتنەوەیە بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی بووە، لە سەردەمی ڕێگاندا چەمکی "ڕێگانیزم" گەڵاڵەبوو وەک ئاماژە بۆ ئەو گۆڕانە بنەڕەتیانەی ڕێگان بەدیهێنیان لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسییدا لە ناوخۆی ئەمریکادا. ئەگەر نیۆکۆنەکانی وەک "ڕۆبەرت کەیگان و ویلیام کریستڵ" خۆیان بە ڕێگانیست بزانن، ئەوا مەرج نییە هەموو ڕێگانیستەکانیش خود بە خود نیۆکۆن بن، دەکرێت ناشیونالیست، کۆنسێرڤەتیڤ یان ویڵسۆنیی توود بن. هەر لەم سۆنگەیەوە بوو لەسەرەوە گووترا کە جیاکردنەوەی سیمای نیۆکۆنەکان لە سەردەمی ڕێگاندا لە سیمای ترادیسیۆنەکانی دیکە کارێکی سەختە و دەیان بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەری. بەڵام چونکە فوکویاما خۆی نیۆکۆن بوو جەخت لەسەر کاریگەریی نیۆکۆنەکان دەکاتەوە لە بەڕێوەبەرێتی ڕێگاندا تا ئەو ئەندازەیەی کە دەڵێت گرنگترین ڕۆڵیان هەبوو لە ڕۆخانی کۆمیونیزمدا. لە خوارەوە سەرنج لە نەوەی نوێی نیۆکۆن و کاریگەریان لەسەر بەڕێوەبەرێتی بۆش دەدەین.

## سەدەی نوێی ئەمریکا

لە نامەیەکدا بۆ "بیڵ کلنتن" لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و هەڵوێستی ئەو وڵاتە لە بەرامبەر عێراق، "پرۆژەی سەدەی نوێی ئەمریکا" گلەییان لە نیانڕەویی هەڵوێستی بەڕێوەبەرێتی کلینتۆن لە بەرامبەر عێراقدا کرد و جەختیان لەسەر کاریگەریی خراپی ڕژێمە دیکتاتۆریەکان لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا کردەوە. لە دیارترین ئەو ناوانەی ئەم نامەیەیان ئیمزاکردبوو: ڕۆبەرت کەیگان، ولیام کریستڵ، فرانسیس فوکویاما و چەندین ناوی دیکە بوون. لەگەڵ بردنەوەی بۆشدا، ئەم گروپە هەلێکی زێڕینیان کەوتە بەردەست بۆ بەرجەستکردنی بڕواکانیان. لێرەوە جەنگی عێراق یەکێک بوو لەو بیرۆکانەی ئەم گروپە بەرەوپێشەوەیان دەبرد، چ لە جڤاتی ئەکادەمی و چ لە جڤاتی بڕیاردا. ڕۆبەرت کەیگان و ولیام کریستڵ دوو لە دیارترین ناوەکانی نەوەی نوێی نیۆکۆنەکانن، جگە لە ئەمریکا لە ئەوروپاش نووسینەکانیان گرنگی پێدەدرێت، چونکە تێرامانێکی قووڵی هزریان پێوەدیارە. کەیگان-کریستڵ زۆر سەرکەوتوانە توانیان ڕیگانیزم بگۆڕن بۆ ئەوەی بە نیۆ-ڕێگانیزم ناسراوە و بەڕێوەبەرێتی بۆش ڕازیبکەن بە بەرزکردنەوەی ئەجێندای دیمۆکراتیزەکردن لە ڕێگای گۆڕینی ڕژێمەوە. ئەم نووسەرانە جەختیان لەسەر گرنگی هێزی سەربازی ئەمریکا دەکردەوە و پێیان وابوو یاسا نێودەوڵەتییەکان چ بایەخ و کاریگەرییەکیان نییە.

فوكوياما لە ڕێگای "پۆڵ ولفۆویتز"ەوە لە بەڕێوەبەریتی بۆشدا کاری پێدرا، پێشتریش هەر لەلایەن ئەوەوە بە نیۆکۆنسێرڤەتیزم ناسێنرا. فوكوياما هاوكات خویندکاری "ئالان بلوم" بوو کە ئەویش پێشتر خوێندکاری لیۆ ستراوس بوو، هەروەها هاوڕێی زانکۆی ولیام کریستڵ بووە. فوكوياما دەڵیت جیاواز لە نیۆکۆنەکانی دیکە ئەو هەرگیز لەگەڵ ڕەشنالی جەنگی عێراقدا نەبووە (ڕەشنالی جەنگەکە نەک خودی جەنگەکە). لەنێوان سەرەتای جەنگی عێراق و ئێستادا فوکویاما گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە نیۆکۆنسێرڤەتیزم چیتر توانای نییە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەشێوەیەکی دروست ئاراستەبکات. لێرەوە فوکویاما پیشنیاری ڕێچکەیەکی نوێ دەکات بۆ هەنگاونان بەرەو سیاسەتێکی دەرەوەی ئەمریکی کە بتوانێت سەرلەنوێ ئەمریکا ببەستێتەوە بە کۆی جیهانەوە. فوکویاما بڕیاری داوە کە گۆڤارێکی نوێ دەربهێنێت بە ناوی "بەرژەوەندی ئەمریکی"، ئەم گۆڤارە ناونیشانەکەی دیارە کە دەخوازێت ململانێی نیۆکۆنەکان بکات. ئەو ڕێچکە نوێیەی فوکویاما پێشنیاری دەکات ناوی دەنیت ویڵسۆنیانیزمی ڕیالیستی (realistic Wilsonianism). لێرەبەدوا سەرنج لەم چەمکە نوێیەی فوکویاما دەدەین و قەیرانەکانی دەخەینە بەرباس.

<u>سیاسەتێکی دەرەوەی جیاواز بۆ ئەمریکایەکی جیاواز</u>

یەکێک لە بەهێزترینترادیسیۆنەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا تا کۆتایی جەنگی ساردیش کەنارگیریی (isolationism) بوو، ناشیونالیستەکان بەتایبەتی و هەندێک لە کۆنسیرڤرتیڤەکانیش بڕوایان وابوو کە کەنارگیریی باشترین سیاسەتی دەرەوەیە بۆ ئەمریکا، چونکە جهیانی دەرەوەی ئەمریکا جگە لە زیانی گیانیی، زیانی ئابووریش لە ئەمریکا دەدات. لایەنگرانی ئەم بۆچوونە لە ئەمریکا تا یانزەی سێپتەمبەر زۆربوون. فوکویاما بۆ ئەمریکایەکی جیاواز پێشنیاری ڕێچکەیەکی جیاواز لە سیاسەتی دەرەوەدا دەکات، پاش ئەوەی فوکویاما دڵنیابوو لەوەی کە چیتر کەنارگیری شتێک نییە بتوانین بیریلێبکەینەوە، چونکە پاش یانزەی سێپتەمبەر پێگەی جیوپۆلیتیکی ئەمریکا گۆڕا، لە خاکێکەوە کە دوژمنەکانی نەتوانن دەستدرێژی ڕاستەوخۆی بکەنە سەر بۆ خاکێک کە لەبەردەم هەڕەشەی هەمیشەیی دوژمنەکانیدایە. بەر لە یانزەی سێپتەمبەر تەنها جارێک یابانیەکان توانیان لە "پێرڵ هاربەر" بدەن، بەر لەوانیش بریتانیەکان کۆشکی سپیان سوتاند.

ئەوەی جێگەی نیگەرانی فوکویامایە چۆنێتی تێڕوانینی مێژووە بۆ جەنگی عێراق، کە پێناچێت مێژوونووسان بەو شێوەیە ئەو جەنگە تۆماربکەن کە ئەمریکیەکان دەخوازن. هاوکات شکستی ئەمریکەیەکان لە عێراق بۆتە هۆی گۆڕینی ئەو وڵاتە بۆ ئەفگانستانێکی نوێ کە تیرۆریستان تێیدا گەشەدەکەن، ڕاهێنان دەکەن و گورز ئاراستەی ئەمریکا و بەرژەوەندیەکانی دەکەن. ئەمەش بە بڕوای فوکویاما دەبێتە هۆی (یان بۆتە هۆی) بێزرخبوونی کۆی ئەجێنداکانی نیۆکۆنسێرڤەتیزم و گەڕانەوەی ڕیالیستەکان بۆ باڵادەستی جارانیان لە سیاسەتی دەرەوەدا. بەڵام فوکویاما پێشنیار دەکات کە لە جیاتی گەڕانەوە بۆ ڕیالیزم، ویڵسۆنیانیزمی ڕیالیستی تاقیبکرێتەوە. لەمە فوکویاما مەبەستی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەیە کە تێکەڵەیەک بێت لە دوو ڕێچکەی دژ بەیەک: ڕیالیزم و ویڵسۆنیانیزم. ئەمە یەکێکە لە قەیرانە سەرەکیەکانی کتێبەکەی فوکویاما. فوکویاما بەم پێشنیارەی گرنگی هێز لە سیاسەتی دەرەوەدا دەپارێزێت لە ڕێگای بەشی ڕیالیزمی چەمکەکەیەوە، هاوکات دەخوازێت شتێک لە ئایدیاڵیزم بە سیاسەتی دەرەوە بناسێنێت کە میراتگری ویڵسۆنیانیزمە. تا ئێرە فوکویاما هیچ شتێکی تازەی پێشنیار نەکردوە چونکە ئەمە ئەو پێگە ڕاستەقینەیە کە نیۆکۆنەکان تێیدان، بەڵام دەیەوێت مەسەلەی

گۆڕینی ڕژێم کە نیۆکۆنەکان بڕوایان پێی هەیە سنورداربکات بۆ دۆخی زۆر دەگمەن و تووند. لێرەدا دەتوانین تەنها ئەوە بڵێین کە فوکویاما بەم پێشنیارەی نە کەس سەرسام دەکات و نە کەس بایەخ بەم ڕێچکە بەناو نوێیەی ئەو دەدات. لەبەرئەوەی یەکەم ئەم پێشنیارە لە پێشنیارێکی سیاسی دەچێت بۆ بەڕێوەبەرێتیەکی دیاریکراو نەک پێشنیارێکی تیۆری قووڵ کە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا بکات. دووەم ئەم پێشنیارە هیچ لە نیۆکۆنەکان دوورنەکەوتۆتەوە تەنها لەوەدا نەبێت کە پێشنیاری گەڕانەوەی ڕێز دەکات بۆ یاسا و دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان، شتێک کە پێناچێت ئەمریکا بتوانێت بەم زوانە بیکات، چونکە لە ئێستادا ئەمریکا ئیمپراتۆریەتێکە کە ناچارە بۆ مانەوەی باڵادەستی خۆی، خۆی لە سەروو یاساکانەوە دابنێت.

ئەوەی زۆر گرنگە و لەسەرەوە بەڵێنماندا لێبڕاونین گیرخواردنی فوکویامایە لەنێوان مێژوو و ئایدۆلۆجیادا. فوکویاما لە تێڕامانی بۆ بزوتنەوە جیهادییە ئیسلامیەکان پێیمادەڵێت کە ئەم بزوتنەوانە وەک دەرهاویشتەیەکی مۆدێرنە چەندە زادەی ڕاستییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن ئەوەندە و بگرە زۆر زیاتر زادەی خودی خۆرئاوان. لەمە فوکویاما مەبەستیەتی کە بڵێت جیهادیستەکان دەرهاویشتەی کۆچ و جیهانگیرین، لێرەوە ناکرێت بە گۆڕینی ڕژیمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دیمۆکراتیزەکردنیان پێمانوابێت دەتوانین کۆتایی تیرۆر و جیهادیستەکان بەدیبهێنین. لێرەدا جێگای سەرنجە کە فوکویاما زۆر بەتووندی کەوتۆتە ژێر کاریگەری بیریارانی ئەوروپییەوە کە پێیانوایە کێشەی تیرۆر کێشەیەکی ناوخۆیی خۆرئاوایە و لە ڕێگای گرتنەبەری سیاسەتێکی دەرەوە کە بە یەکسانی لەگەڵ موسوڵمان و ناموسوڵماندا مامەڵە دەکات لەگەڵ سیاسەتێکی ناوخۆیی توندوتیژ کە سنوورێک بۆ کۆچ دادەنێت، ئەوروپا دەتوانێت سنوورێک بۆ تیرۆر دابنێت. بەواتایەکی تر فوکویاما لەژێر کاریگەریی ئەم بۆچوونە بەربڵاوە لە سیاسەتی دەوڵەتانی ئەوروپیدا جیهادیستەکان لە دەرەوەی ناوکۆییە ئایدۆلۆجیی و هەلومەرجە مێژووییەکانیدا دەبینێت و پێیوایە لە دەرەوەی ئەم ناوکۆییانەدا دەکرێت بەسەریاندا سەربکەوین. هەر ئەم کاریگەرییەی ئەوروپیەکانە فوکویاما والێدەکات کە پێیوابێت چارەسەری کێشەی فەلەستین سنوورێک بۆ تیرۆر و شاڵاوی جیهادیستەکان دادەنێت. دەرهێنانی جیهادیستەکان لە ناوکۆییە مێژووییەکەی و دابەزاندنی بۆ ئاستی دیاردەیەک کە دەرهاویشتەی جیهانگیریە، هاوکات پشگوێخستنی ئەو ڕاستییەی کە فوکویاما لە هەموو کەس باشتر دەزانێت کە ئیسلامیستە جیهادییەکان خاوەنی ئایدۆلۆجیایەکی پتەون، هۆکارەکەی زۆر ئاشکرایە کە هەوڵدانی فوکویامایە بۆ خۆدزینەوە لە باسکردنی جیهادیستەکان وەک ئایدیا. چونکە ئەگەر فوکویاما ئەمە بکات بەدەستی خۆی هەڕەشەیەک بۆ سەر تێزەکەی لە کۆتایی مێژوودا دروست دەکات. لە کۆتایی مێژوودا فوکویاما ئاماژەیەک بە ئیسلام دەدات کە دەکرێت هەڕەشە بێت بۆ سەر خۆرئاوا بەڵام هەرگیز ئەم هەڕەشەیە بەرزنابێتەوە بۆ ئاستی ململانێیەکی هزریی لە نێوان ئیسلام و لیبراڵ دیمۆکراسیدا. بەڵام لە ڕاستییدا ئیسلامی سیاسی بەهەموو جۆر و لقەکانییەوە هیچی لە ئایدۆلۆجیاکانی تری وەک کۆمیونیزم و فاشیزم کەمتر نییە کە پێشتر لە ڕێگای جەنگ و ململانێوە شکستیان خوارد. لێرەدا ئێمە پێشنیار ناکەین کە لە ئێستادا ئیسلام ململانێی هزریی یان شارستانیی لیبراڵ دیمۆکراسی خۆرئاوایی دەکات، بەڵکو دەخوازین بیسەلمێنین کە ئیسلامی سیاسی ئایدۆلۆجیایەکە و ڕەگوڕیشەی مێژوویی هەیە و ناکرێت وەک دەرهاویشتەی دیاردەیەکی نوێی وەک جیهانگیریی لێبڕاوانین و پێمان وابێت هەر لەو ناوکۆییەدا دەتوانین چارەسەری بکەین. هاوکات فوکویاما دەڵێت کە تیرۆر تا ئەندازەیەک کاردانەوەی ئەو پەنابەرانەیە کە ناتوانن پەیوەندییەکی تەندروست لەگەڵ کۆمەڵگا نوێیەکاندا بنیاتبنێن. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت ئەوا دەبوایە نەتەوە و

ئاینەکانی دیکەش کە پەنابەریان لە خۆرئاوا زۆرە بەشدارییان لەو تیرۆرەدا بکردایە نەک تەنها ئیسلام. ئەمانە بە بڕوای ئێمە بەشێکن لەو قەیرانە هزرییە سەختانەی کە فوکویامای تێکەوتوە.

هەر لەم کتێبەدا فوکویاما کەم تا زۆر پاشەکشە لە تێزە سەرەکییەکەی دەکات کە لە کۆتایی مێژوودا گەڵاڵەی کرد، بەو پێیەی کۆتایی مێژوو وەک دیویکی تیۆری مودێرنیزەکردن دەناسێنێت، وەک دیدگایەکی گەشبین بە پێشکەوتنی زانستە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان. بەڵام کێشەی مۆدێرنیزەکردن لە هەر کام لەو قۆناغە مێژووییانەدا کە شەڕی ئایدیا و ئایدۆلۆجیەکان باڵی بەسەردا کێشابوو بریتی بووە لە پەراوێزخستن و دابەزاندنی ئایدۆلۆجیایەک و بەنێوەندکردن و بڵندکردنەوەی ئایدۆلۆجیایەکی دیکە. ئەم قۆناغەی ئێستاش ئەگەرچی ململانێ و جەنگی ئایدیاکان وەک ململانێی ئەهریمەنیی/خودایی دەنەخشێنرێت، ئەگەرچی لایەنێک پشتئەستورە بە زەبەلاحترین سوپا و پێشکەوتوترین تەکنەلۆجیای شەڕ و لایەنەکەی دیکە بە نەبووی ڕێز بۆ ژیانی مرۆڤ و کەمپەینێک لە تیرۆر کە دەخوازێت گەورەترین زەرەر بدات، بەڵام دواجار جەنگێکە کۆمەڵێک ئایدیا لە پشتیەوە ئامادەگی هەیە. ئەگەر فوکویاما ڕاست بێت جیهادیستەکان زادەی شاڵاوی کۆچ و تەوژمەکانی جهیانگیرین ئەوا لە ئایندەیەکی نزیکدا چیتر ناتوانن خەڵکانێک دەستەبەر بکەن بۆ خۆ تەقاندنەوە. بەڵام لەڕاستییدا بەبێ هەبوونی ئەو ئایدۆلۆجیایە، کە نمایشی مێژوویەک دەکات و ئەو کۆمەڵەی نوێنەرایەتیان دەکات وەک قوربانی دەناسێنێت، هیچ کەسێک ئامادە نابێت خۆی بتەقێنێتەوە. وەک چۆن فاشیزم، نازیزم و بەعسیزم لەڕێگای ئایدۆلۆجیاوە ئاراستەی خەڵکیان دەکرد بۆ تاوان، ئیسلامی ڕادیکاڵیش بەهەمان شێوە لەڕێگای ئایدۆلۆجیایەکەوە خەڵک ئاراستە دەکات بۆ خۆتەقاندنەوە.

لە کۆتاییدا ڕەوایە بڵێین ئەوەی لە دووڕیاندایە و پێویستی بە سەرلەنوێ تێرامانێکی هزریی قووڵ هەیە فوکویامایە زیاتر وەک لە ئەمریکا. ئەمریکا ئەگەرچی سیاسەتەکەی لە جەنگی عێراقدا شکستی خوارد، بەڵام ساڵانێکی دەوێت بۆ بەدیهاتنی گۆڕانێکی قووڵ لە سیاسەتی دەرەوەدا. ئەمریکا ئێستا لە قۆناغی هەنگاوناندایە لە هەژموونی میهرەبانەوە (benevolent hegemon) بەرەو ئیمپراتۆر، بۆ ئەمەش پێویستی بە فراوانترکردنی هێزە سەربازییەکانیەتی و توندکردنی ململانێکانیەتی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا.، نەک پێچەوانەکەی کە فوکویاما پێشنیاری دەکات.

سەچاوەکان

Fukuyama, F. (2006), After the Neocons America at the Crossroads, London: Profile Books.
Fukuyama, F. (1992), The End of History and the Last Man, London: Hamish Hamilton.
Williams, H., Sullivan, D. and Matthews, G. (1997), Francis Fukuyama and the End of History, Cardiff: University of Wales Press.